ڕاپۆرتێک ئاشکرای کردووە کە لە سەدا پێنجای دانیشتوانی کەمپی هەل لەوانیە ببنە چەکداری داعش



نوسینگەی دژە تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە کە لە سەدا پێنجای دانیشتوانی کەمپی هەل لەوانیە ببنە چەکداری داعش.

ڕاپۆرتی نیمچە ساڵانەی دژە تیرۆری ئەمریکا دەریخستووە کە منداڵانی خوار تەمەن 12 ساڵ لە کەمپی هەل لە داهاتوودا دەبنە چەکداری داعش و بەپێی ڕاپۆرتەکە، 14 وڵات لەمساڵدا زیاتر لە 3500 هاوڵاتی خۆیان لە کەمپی هەلەوە گواستۆتەوە وڵاتەکانیان، لەکاتێکدا لە ساڵی 2022 دا 13 وڵات 3000 هاوڵاتی خۆیان لە کەمپەکەوە گواستۆتەوە.

بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت، نزیکەی نە هەزار ئێندامی پێشووی داعش هەشتا لە زیندانی هەزەکانی سوریای دیموکراتدان و ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئێندامانی پێشووی داعش هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە و دەبێت بگەنرێنەوە.

کەمپی هەل دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای حەسەکە لە سوریا و نزیکەی پێنجا هەزار سووری و عێراقی و زیاتر لە 10 هەزار بیانی لە شەست وڵاتی دیکەوە لێرە دەگرێت کە گشتیان زیندانیانی داعشن.